# ثةأةسلكة ... مةنسوور عةزيزي

پەڕەسیلکەی دەڤەری
کۆچ،
لە بەهاری خەملێوی وڵاتی،
وڵاتی دڵێکەوە
کۆچی هەناسەی دواجارت
مەخەرە سەر پشت و
ئۆقرەی لافاوێك لە بەزەیی
مەتۆرێنە!
شۆخە باڵ رەشە چاو رەشتووە نازەنینەکەی
ماڵی دڵ،
هەنگاوی بۆ دواجار دیتنەکانت
بە سەر سنووری جیهانێك لە سۆزا،
مەفرێنە بۆ ویستی کزە بایەکی مام شەماڵی دەم لێو چرچینی
بن دار بە بندار کردووی دەرۆزەوانی
ئەوین!
پەڕەسیلکەکەم
ئازیزە رەش پۆشەکەی سنووری حەزەکانم،
لە نێو ئەو رەنگە رەشەی سەرپشتت
خەرمانی سەدان پەرتووك ووشە
لە قەوارەدان!
لە زاری حەزەکانی زینە خان ئاساییتەوە
سەدان مەم و سەدان مەرهەم
گیرۆدەی دەستی
پزیشکن!
کلی لاملی رەشوانی رەنگەکانت
باڵی هەڵفڕینی ووشەکانی ئەم
هەڵبەستەیە!
هەر وەك چۆن لە تروکانی چاوەکانی تۆدا
سەدان چیرۆك پێچراوەی پەرتووکێکن،
ئاوا، منیش ووشە بە دوای ووشە
بۆ باس لە ژین،خۆشەویستی، هەستان، رۆشتن، بۆ سەرکەوتن،
بیرم لە لای دۆزینەوەی
چێژی بە پێزی
رستەیە!

2004 .12 .15